تصویر ابو عبدالرحمن الكردي

زنجیره کتێبی تایبەت بە

گەشە و دەرمانی زەین و زمانی منداڵان

دەنگی حەیوانەکان

فەرشاد کامگار

انتشارات علمی کالج

انتشارات علمی کالج

دەنگی حەیوانەکان

سرشناسنامه	کامگار ، فرشاد ، ۱۳۴۸ -
عنوان و نام پدیدآور	ده نگی حه یۆانه کان،شاعر/فرشاد کامگار ؛تصویرگر/سهیلا ساعدپناه
مشخصات نشر	سنندج: انتشارات علمی کالج،۱۳۹۰
مشخصات ظاهری	۱۴ص: مصور(رنگی) .
شابک	۹۷۸-۶۰۰-۵۸۲۷-۳۲-۳
وضعیت فهرست نویسی	فیپا
یادداشت	گروه سنی: ب، کردی
موضوع	شعر کردی
شناسه افزوده	ساعدپناه . سهیلا، تصویرگر
رده بندی دیویی	۱۳۹۰ د ۲۸۶ ک ک ۹ فا ۸
شماره کتابشناسی ملی	۲۲۹۴۴۱۷

شاعر : فرشادکامگار
ناشر: انتشارات علمی کالج
مدیر مسئول:کیومرث کرباسی
تصویرگر: سهیلا ساعدپناه
گرافیک: شاهو احمدیان
چاپ و لیتوگرافی: سیمرغ
چاپ : اول / ۱۳۹۰
با همکاری سازمان بهزیستی استان کردستان
شمارگان: ۵۰۰۰
قیمت: ۱۳۰۰ تومان

مرکز پخش: سنندج. خ.پاسداران. مجتمع تجاری کردستان. طبقه همکف. واحد۱۶۲-۱۶۱
تلفن: ۳۲۹۱۰۸۶-۳۲۲۳۷۲۳۷ فکس:۳۲۲۳۵۷۹۶
collegepublication@yahoo.com

حقوق چاپ و نشر برای ناشر محفوظ است.

هەتۆڵ مەتۆڵ مەلووچک
جیکە جیک قسە ئەکا

لە ناو هێلانەی بووچک
لەتەک دوو هیلکەی تەرچک

هەتۆڵ مەتۆڵ کۆتـرێ
بە((گمـە گم))کردنی

باڵ ئەگرێتەوە و ئەفڕێ
هاولفەکەی خۆی ئەچڕێ



هەتۆڵ مەتۆڵ قـاڵاوە
بە فکری نان و ئاوە
بەشۆن تێر بوونی سکی
قاڕە قاڕی تـاو تـاوە



هەتۆڵ مەتۆڵ مامرێ
جووجەڵەکان قاو ئەکا

بە قوت قوتا کردنێ
بۆ دان و ئاو خواردنێ

هەتۆڵ مەتۆڵ کەڵەشێر
قوقلی قوو قوو ڕۆژ بە خێر
هەرکە لە خەو هەڵ نەسێ
جێ ئەمێنێ ناوێ تێر



هەتۆڵ مەتۆڵ سۆنە کان
کـواک کـواک ڕا ئـەکـەن

سۆنە دەنووک سوورەکان
ئـەپـەڕنە نـاو ئـاوەکـان



هەتۆڵ مەتۆڵ قورواقێ
کایە ئەکا و ئەپەڕێ

بە دەنگی **قوڕە و واقێ**
بە دەم باز و چاو زاقێ



هەتۆڵ مەتۆڵ پشیلە
میاو میاو شیر بێرن

هاوار ئەکا بە حیلە
بۆ خوەم و بەچکە پشیلە

هەتۆڵ مەتۆڵ حەو حەوە
هەم لە شار و هەم لە دێ

دەنگی سەگە لە شەوە
چەخۆەش دەنگ ئەداتەوە



هەتۆڵ مەتۆڵ بـزنەکان
بـارە بـارِیـان چەخۆشە

بـزنە هـاروهـاجـەکـان
تێکەڵ بـە زنگوڵەکان



هەتۆڵ مەتۆڵ ئەو مانگا   ئەی بۆڕان و ئەیوت ما ا ا ا

شیرم داگە و برسیمە   وێنجەم بۆ بێرن و کا

هەتۆڵ مەتۆڵ ئەسپەکان
پتکە و پتکە و لە دوورەو

قەتار قەتار سوارەکان
تێنەو بۆ هەوارەکان

هەتۆڵ مەتۆڵ ئەم کەرە
بە سەرە سەر غار ئەکا

بە لای خۆیەوە کەرە
دەر ئەچێ تا ئەو سەرە



انتشارات علمی کالج

ISBN 9786005827323
9786005827323